# دەستچنێک لە کاریکەلیماتۆرەکانی شاپوور

شاپوور باوکی کاریکەلیماتۆر
لە فارسییەوە: کامەران جەوهەری (هەڵوەدا)
(بۆکان)



هەموو پیرە دارێک
دەشێ کورسییەکی گەنج بێت
❊
بە بڕوای گیۆتین
سەری مرۆڤ زیادییە
❊
با – خۆڵەمێشی برد
ئاگر تووڕە بوو، کڵپەی سەند
❊
شەپۆل
لاقی لەبەرەی خۆی زیاتر ڕادەکێشێ
❊
لە هەور و هەڵادا
تراویلکە چەتر هەڵدەدا
❊
پشیلەی دۆزەخ
بە خۆڵەمێشی داردا هەڵدەگەڕێ
❊
درێژایی عومری
کورتتر بوو لە پانتایی ژیان
❊
تراویلکە
نانی ماسیگر دەکاتە قسڵ
❊
وتوویژی من و چاوت
بێدەنگییە
❊
کوێرەڕێ
گۆڕستانی هەنگاوەکانە
❊
دڵ
عومرێک خوێن دەدەڵێنێ
❊
ئاوێنەی ترسنۆک
بە دیتنی بەرد

خرمە دەکات

❊

وێنەی بەساڵاچوو

ئاوێنە پڕ دەکا لە چرچولۆچ

❊

لە وەرزی بەهاردا

فیتووی بلبلی بۆ سەگ لێ دەدەم

❊

چیا بۆ دیداری دۆڵ

بە خۆیدا دادەگەڕێ

❊

خەیاتی چازان

وێنەی خۆی لە ئاوێنەی چڕژاودا

دەدوورێتەوە

❊

سیاساڵ

دەریا بە گڵ دەسپێرێ

❊

گۆڕستان

پڕە لە بربڕەی قوڕمیش کراو

❊

ویشکەدار

هەر چوار وەرزی پێ وەرزێکە

❊

لە سیاساڵدا

ڕەگەزی کۆلکەزێڕینە

قاتوقڕی تێ دەکەوێ

❊

کونی هەور

بە دووکەڵی جگەرە پینە دەکەم

❊

چاوی بە سێبەری خۆی هەڵنایە

❊

کۆی کێلەکان

لە تەمەنی ڕابوردوو دەدوێن

❊

ئەو سەگەی لە خاوەنی دەتۆرێ

خۆی لە دەنگی پێی دز گێل دەکا

❊

بۆ سەیری ئەستێران

چاوەڕوانی ئاوابوونی خۆرم

❊

پێم لەسەر بێدەنگی دانا

هاواری کرد

❊

لافاو

سەری پرد بە ژێر ئاودا دەکا

❊

ئەستێرەکان

کوناوچەکانی پێستی شەون

❊

ماسی بە پانتایی ڕووباردا

ناگاتە دەریا

❊

دەڵێی شەوەزەنگ

سێبەری کردۆتە سەر چاوت

❊

تەمەنێک بە کوێرەڕێوە

لەگەڵ خۆم هاوسەفەر بووم

❊

هەوری نەزۆک

ئاواتی گریان دەباتە گڵەوە

❊

ساتەکانی ژیان

بە بێ ئاو

لە گەرووی ماسی ناڕواتە خوارێ

❊

خەیاتی لێزان

موو لە ماست دەردەکێشێ و

بە دەرزیلەوەی دەکا

❊

ماسی تەوەزەل

خۆ بە ڕووبارەوە هەڵدەواسێ

❊

تراویلکە

کاریکاتۆری ئاوە

❊

لەبەر دەرکەی دۆزەخ

ئاگربەس ڕادەگەیەنم

❊

پشیلە بۆ نەوای مەل

بە داردا هەڵناگەڕێ

**سەرچاوەکان:**

١- به نگاهم خوش امدی- انتشارات گل اقا -١٣٧٨.
٢- با گردباد می رقصم- انتشارات مروارید-١٣٥٤.
٣- پایین امدن درخت از گربه- انتشارات مروارید-١٣٨٢.
٤- قلبم را با قلبت میزان می کنم-انتشارات مروارید-١٣٨٦.
٥- دو هفته نامه تندیس - شماره ١٢٩.
٦- ئینتەرنێت

کاریکەلیماتۆر وەختی خۆی شێوازێکی نوێی ئەدەبی بوو و لەسەر دەستی پەرویزی شاپوور لە ئێران گوورا و بالآی کرد. کاریکەلیماتۆر لە پێناسەیەکی کورتدا ڕستەگەلێکی کورتن بە تێهەڵکێشێکی تەنزاوییەوە کە لە قسەی نەستەق دەکەن و ئی وا هەیە بۆ پەندیش بشێن، جاروبارەش لە کەشوهەوای شیعر نزیک دەبنەوە. وشەی کاریکەلیماتۆر سازکراوی زەینی کەڵە شاعیری ناوداری ئێران ئەحمەد شاملووە کە بۆ یەکەم جار بۆ هەندێک لە نووسراوەکانی شاپووری بەکار هێنا، کە ئەو کات لە گۆڤاری خووشەدا بلاوی دەکردنەوە. کاریکەلیماتۆر لێکدراوی دوو وشەی کاریکاتۆر و کەلیماتە، واتە کاریکاتۆر و وشەکان، کە بە مانای کاریکاتۆرێکە بە وشە بنووسرێت.

پەروێزی شاپوور ساڵی ١٣٠٣ی کۆچی هەتاوی لە شاری قوم لە دایک بووە، لە زانستگەی تاران بەکالۆریای ئیکۆنۆمی وەرگرت و وەک کارمەندی وەزارەتی دارایی لە شاری ئەهواز دامەزرا. بەر لە زانستگە ماوەیەک شاگردی نیمایووشیج بوو. ساڵی ١٣٢٩ لەگەڵ ژنە شاعیری ناودار فرووغ فەروخزاد زەماوەندی کرد، پێوەندی نێوان فرووغ و شاپوور پاش لە دایکبوونی یەکەم منداڵیان (کامیار) ساڵی ١٣٣٤پچڕا. شاپوور پاش دابڕان لە فرووغ قەت ژنی نەخواستەوە و تا کۆتایی ژیانی لەگەڵ کامیاری کوڕی و دوکتور خەسرەوی برای لە خانوویەکدا دەژیا. بەرەبەیانی پازدەی گەلاوێژی ١٣٧٨ لە تەمەنی ٨٦ ساڵیدا لە نەخۆشخانەی تووسی شاری تاران ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

تەنزەکانی شاپوور لە گاڵتە باوەکانی سەردەمی خۆی ناچن، بەڵکو بەر لەوەی وەک تەنز خۆیان بنوێنن ڕستەگەلێکی حەکیمانەی قووڵایی ژیانن، ئەو جگە لە نووسینی کاریکەلیماتۆر، کاریکاتۆریشی دەکێشایەوە و لە چەند پیشانگەشدا بەشداری کردووە.

بەرهەمە کاریکەلیماتۆرییەکانی شاپوور زیاتر لە دە بەرگن، جگە لەوانەش هەندێک شتی بە چاپ نەکراوی ماون.

**(١) ڕەنگە ئەو کاریکەلیماتۆرانەی لێرەدا هاتوون باشترین نووسراوەکانی شاپوور نەبن، چونکە هەڵبژاردەی زەوقی منی وەرگێڕن، بە تایبەتیش کە زۆربەیان لە دوا بەرهەمی نووسەر، واتە "داگەڕانی دار بە پشیلەدا"، وەرگیراون.**

**(٢) هەموو کاریکەلیماتۆرەکانی پەرویز بە شێوەی ڕستەیین و من خۆم شکاندوومن و وەک زەنگیانە بە تاڵی شیعرەوەم کردوون.**

*** بۆ هایکۆنووسەکانی ئەمڕۆ، پێم باشە لەو کاریکەرلیماتۆرانە ورد بینەوە کە سوودی بۆ ئەزموونەکانیان هەیە.**

**(ڕامان)**